موزیك بریتی یه له جوانی و بەهای ئیستاتیکی هونەر

مامۆستا باسم : دەخوازم زۆرترین خزمەت بە شاری رانیە بکەم

دیمانە: هێمن حەسەن

ژیانی هونەری مامۆستا باسم لەکوێوە دەست پێ دەکات ...لە منداڵیەوە لەبواری هونەردا کارم کردووەو زۆریش حەزم لە ئامێری کلارنێت بووە بەشی دیراسەی کلاسیك وبەسەرپەرشتی کۆمەڵێك مامۆستا لە موسڵ وپاشان لەبەغداد وبە تایبەتی

مامۆستا(عبدالرزاق عزاوی) شارەزاییم لەسەر ئەم ئامێرە پەیدا کرد ، هەر بەهۆی خۆشەویستیم بۆ هونەرەکەم بەردەوام بووم تا ئەو کاتەی بروانامەی بکالۆریۆسم وەرگرت لەکۆلێژی هونەر زانکۆی بەغداد لەساڵی (٢٠٠٤_٢٠٠٥) لەهەر یەکە لە پەیمانگاکانی موسڵ ودهۆك وانەی هونەرم گوتۆتەوە، یەکێکم لە دامەزرێنەرانی خوێندنی ئێوارانی هونەرەجوانەکان لەشاری موسڵ هەروەها دامەزرێنەر وبەرێوەبەری تیپی مۆسیقای موسڵ بووم لەساڵی (١٩٩٧) کە ئێستاش لەبواری پێشکەشکردنی کاری کلاسیکی وکاری میللی دا کار دەکات بە شێوازێکی جیهانی، هەروەها کۆمەڵێك نوسین و وتارم لەسەرهونەری مۆسیقا وچێژی مۆسیقا بلاوکردۆتەوەو بەشداری کۆمەڵێك ڤیستڤاڵی جیهانیم کردووە، ئێستاش مامۆستام لەپەیمانگای هونەرەجوانەکانی رانیەو لەهەمان کا تدا وانەبێژم لەکۆلیژی هونەری زانکۆی صلاح الدین ووانەی پراکتیکی ئامێرەکان وکۆژدن دەڵێمەوە.

_گرنگی هونەری مۆسیقا وکاریگەری لەسەر کۆمەڵگە چی یە ؟

مۆسیقا رووبەکە لەرووەکانی ژیان ودەتوانین لەرێگەیەوە ئاستی رۆشنبیری وپێشکەوتنی هەر کۆمەڵگەیەك بزانین چونکە ئاوێنەیەکە واقعی هەر کۆمەڵگەیەك بەدەردەخات. دیارە مۆسیقا جوڵەی زەمەنە وپەیوەندیەکی بەهێزی لەگەڵ هەست هەیەو کاریگەری لەسەر سەرجەم لایەنەکانی ژیانی مرۆڤایەتی دادەنێت، وەکو کۆمەڵێك لێکۆڵینەوە سەلماندویانە مۆسیقا کاریگەری لەسەر رووەك وزیندەوەرانیش هەیە ئیتر چۆن کاریگەری لەسەر مرۆڤ نابێت.

_بەرای بەرێزتان چەمکی هونەری مۆسیقا چی یە؟

چەمکی هونەری موزیك بریتی یە لە جوانی و بەهای ئیستاتیکی هونەرو لەرێگەی یاسا ورێسای فیزیایی زۆر ورد و هەستیاردەروات بەرێوە وتەگەر بەشێوەیەکی دروست بەکار نەیەت بێگومان توشی رووشان دەبێت وناشیرین دەبێت .

- پلانو بەرنامەی کارت بۆ داهاتو چییە؟

لە راستیدا من نزیکەی چل ساڵم تێپەراندووە لە ژیانی ناخۆش و دەربەدەری دەبێ پلانم چی بێت بۆ داهاتوو جگەلە نیشتەجێ بوون لەشوێنێك کە ئارامیم پێ ببەخشێ وبتوانم تێیدا ئەوەی لەبواری هونەریدا بەدەستم هێناوە ببەخشمەوە بەمنالانی ئازیزی وولاتەکەم کەئەمەیان ئامانجی منە لە ژیاندا بتوانم خزمەت بەو شوێنە بکەم کە تیایدا نیشتەجێم.

_ژیان لەرانیە چی پێ بەخشی لەبواری هونەری وژیانی تایبەتی وچی لێ سەندوویەتیەوە؟

رانیە شارێکی جوان ودڵگیرە وئێستا وەك شوێنی لەدایك بوونم جێگەیەکی تایبەتی هەیە لەدڵی مندا کە هاتمە ئەم شارە لەساڵی (٢٠٠٥) دا کەشێکی هونەری پڕ داهێنانم دیت چ لە پەیمانگا کە تیایدا کارم دەکرد وچ لە دەرەوەی پەیمانگا وئێستاش حەز دەکەم داهێنانی زیاتر ببینم هەرچەندە گرفت وکێشەی بیناو نەبوونی مامۆستای پسپۆری بەشێکی ئامێرەکان هەن بەلام هەولی مامۆستایان وخوێندکاران زۆرجار ئەم کێشەو گرفتانە وەلادەنێن، ئێستاش ئامانجم ئەوەیە لەنوێوە خۆری هونەرێکی رەسەن لەناوچەکەمان هەڵبێت، چونکە رۆشنبیران ونوسەران وهونەرمەندان وفێرخوازانی ئەم شارە زۆریان لەهەگبە دایە کە دەنەرکەوتووە بەشداری کردنی رانیە لەڤیستڤاڵی هەرێم بۆ مۆسیقا لەشاری هەولێر لە (١٤/٧/٢٠٠٧_٢٤/٧/٢٠٠٧) دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو هەرچەندە میدیاکان گرنگیان پێ نەدا، ئەو ڤیستڤاڵەی لەسەرجەم عێراقدا گروپ بانگهێشت کرابوون وبەسەرپەرشتی کۆمەڵێك پسپۆری هونەری ئەمریکی لەبواری مۆسیقادا بەرێوەچوو. بەراستی ژیان لەرانیە ئارامی وئاسایشی پێ بەخشیوم لەبواری هونەریشدا زیاتر چالاکی کردوم چونکە دانیشتوانەکەی کەسانی تێگەیشتوو مرۆڤدۆستن هەرگیز هەستم بەئاوارەیی نەکردوە هەموو خەڵکی رانیە دەستی هاوکاری ویارمەتی بۆ درێژکردووم کە ئەگەر ناویان بەرم زۆرن سوپاسی هەموو رانیە دەکەم کە منیان گرتۆتەخۆو وەکو برایەك هەڵسوکەوتم لەگەڵ دەکەن، رانیە ژیانی لەنوێوە پێ بەخشیمەوە وهەستی ئاوارەیی لێ سەندمەوە.

_پرۆژەت بۆسەنتەر چی یە ؟

دیارە سەنتەری گەنجان دامەزراوەیەکە پەیوەندی راستەوخۆی لەگەڵ گەنج هەیە ، بۆیە دامەزراوەیەکی هەستیارو لێپرسراوە بەرامبەر بەکۆمەڵگە، لەبەرئەوە پێویستە بەباشترین شێوە کار لەسەر پێشخستن ودەرخستنی بەهرەی گەنجان بکات، بەش بەحالی خۆم ئاواتە خوازم باشترین خزمەت بە شارەکەم(رانیە) بکەم خەونم ئەوەیە گروپێکی ئامێرە هەواییەکان دروست بکەم کە کار لەسەر پێشکەشکردنی سرودو گۆرانی میللی بکات بەشێوەیەکی سەردەمیانە، هەروەها پرۆژەم هەیە چەند ئێوارە کۆرێك سازبکەم بەهاوکاری سەنتەر بۆ رۆون کردنەوەی بەهای مۆسیقا وکاریگەری ورۆلی لەسەرژیانی مرۆڤ وپەروەردەکردنی منداڵان بەشێوازێکی هونەری بەبەکارهێنانی ئامێری دەنگی ورەنگی وبەردەوام بوون لەسەرکردنەوەی خول وراهێنانی فێرخوازان ومیوانداری کردنی کەسانی پسپۆرو شارەزا لەبواری هونەر بەرروون کردنەوەی بەهای مۆسیقا وکاریگەری لەسەر پێشخستنی سەرجەم بوارەکانی کۆمەڵ.

باسم محەمەد ئەحمەد ، لەدایك بووی ساڵی (١٩٦١) ی موسڵە، خاوەنی بروانامەی (بکالۆریۆس)ە لەهونەر لەزانکۆی بەغداد لەساڵی (٢٠٠٤_٢٠٠٥) وئێستا مامۆستای پەیمانگای هونەرەجوانەکانی رانیە یەو وانەبێژە لەکۆلیژی هونەری زانکۆی صلاح الدین.

مۆنالیزا هاوسەری پیاوێکی بازرگان بووە

بەپێی هەواڵێکی سایتی خۆزگە نزیك دەبینەوە لە زانینی نهێنی بزە سیحراویەکەی مۆنالیزا چونکە لەسەر شاکاری مۆنالیزا ئەوەی لەلایەن شێوەکاری بەناوبانگی ئیتاڵی لیۆناردۆ داڤنشی کێشراوە دوو پرسیار هەیە و ئەوەش ماوەیەکی زۆرە بۆتە جێگای لێکۆڵینەوە: ئەو ژنە بەچی بزە ئەکات؟ کێیە ئەو ژنە؟ دەستەیەك لەزاناکانی شاری DEIDELBERG ئەڵمانی پێیانوایە کە ئەوان توانیبێتیان وەلامی پرسیاری دووهەمیان دابێتەوە. ئەگەر بوچونەکانی زانایانی ئەڵمانی راست بێت، ئەوا مۆنالیزا ناوی تەواوەتی LESA DEL GIOCONDA یەو ژنی پیاوێکی بازرگانی شاری فلۆرێنسای ئیتاڵی بووە. باوەڕ هەیە کە مێژووی کێشانی ئەو شاکارە لەلایەن یەوە لەساڵی ١٥٠٣بۆ ١٥٠٦کێشرا بێت. شاکاری مۆنالیزا ماوەیەکی زۆرە لەموزەخانەی LOUVRE شاری پاریس پارێزراوە ومیوانانی ئەو موزەخانەیەش ئەو شاکارە لە ژێر ناوی LA GIOCONDA دەبینن. وەك لەمێژووی ئیتالیاوە ئاشکرایە، لەساڵەکانی سەدەی ١٦هەمیندا وەك نمونەیەکی ئافرەت تەماشاکراوەوئافرەتانی دیکە لاسایی شێوازی ئەویان کردۆتەوە.



وێنەی مێژوویی
رانیە سەرەتای ساڵی حەفتاکان

نوقورچە

بە پێنوسی فریاد هیرانی

ژن و لە ٢٥٪

زۆرێك لە رێکخراوەکانی ژنان و هەندێ هەڵسوراوی خەباتی جەماوەری و پیشەیی ژنان ، زۆر دڵیان بەوەخۆش بوو،کە چ لە هەڵبژاردنی پەرلەماندا و چ لە هەڵبژاردنی دامودەزگا حزبییەکان باس لەوە کرا کە ئەبێ لە ٢٥٪ی کورسیەکان بۆ ژنان تەرخان بکرێ ! لە کاتێکدا پیاوان و ژنانیش زەمانێکە (ژن نیوەی کۆمەڵە یان ئافرەت نیوەی کۆمەڵە)یان کردۆتە وێردی سەر زومان ! نامەوێ لەم کورتە نووسینەدا موزایەدە بەسەر ژناندا بکەم ، یان با بڵێین قەرزاریان بکەمەوە ،وەلێ ئەپرسم ئەگەر بە رێژەی ٢٥٪ رازین و بە دەسکەوتێکی گەورەی حساب دەکەن ئەبێ دانیش بەوە دابنێن کە ژن چارەگێکی کۆمەڵە نەك نیوە !!

بەراستی کارەساتە ژنی کورد لە بواری خەباتی پیشەیی و خەباتی مەدەنیانە وا بیربکاتەوە ، لە کاتێکدا ئەگەر وەکو ژمارەش سەرژمێرییەك بکرێ ژنان رێژەیان زۆر لە پیاوان زیاترە ! بێجگە لەمەش من وەك بۆچوونی شەخسی خۆم ، لەگەڵ هیچ رێژەیەك دانیم ، با ژنان بەپێی توانای خۆیان بچنە مەیدانەکانی هەڵبژاردن و خۆیان و بەپێی توانای خۆیان پۆستە جیاجیاکان وەرگرن چ لە حکومەت و پەرلەمان بێت یان لە ئۆرگانەکانی حزبە سیاسیەکان ،ژنی باوەڕبەخۆبوو لە بواری رووناکبیری و سیاسی و ئیداریدا نابێ چاوەڕوانی دەستی پیاوبێت خێری پێ بکا !!

دانانی رێژە بۆ ژنان بە دوو جۆر و دوو حالەت لایەنی سەلیی هەیە :

١- چوونە سەرەوەی رێژەیەك لە ژن بە حوکمی سەپاندنی رێژەکە کەلەوانەیە هەندێ جار و هەندێ لەم ژنانە لە ئاستی ئەم پۆست و شوێنەدا نەبن و، شوێن و هەقی پیاوێك ئەخوا کە توانای بەرێوەبردنی ئەم شوێنەی هەیە و سەرباری ئەمەش چونکە لە ئاستی پۆستەکە نیە زیان بە بەرژەوەندی گشتیش ئەگەیەنێ بە هۆی خراپ بەکارهێنانی پۆستەکەی!

٢- دانان و سەپاندنی رێژە زۆرێك لە ژنانی دەرەوەی حزب بێ بەش ئەکا لەم هەڵبژاردنانە ، چونکە کەسایەتی ژنی بەهێز و بە توانا‌شمان زۆرە کە حزبی نین و، بەهۆی حزبی نەبوونیان ناتوانن بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بکەن ،چونکە تا هەنوکەش هەڵبژاردنەکان بە لیستی حزبی بووە نەك دائیری بێت و هەموو کەس بتوانێ خۆی کاندید بکا بەتایبەتیش هەڵبژاردنی پەرلەمان و ئەنجومەنی شارەوانیەکان و ئەنجومەنی پارێزگاکان

هیوادارم ئەم بۆچوونەم وەك رایەکی شەخسی وەربگیرێ خراپیش لێکنەدرێتەوە ، لە ناخیشەوە لەگەڵ یەکسانی لە ١٠٠٪ ژن و پیاودام نەك لە ٢٥٪سەدابیستوپێنج بە بالای یەکێکیاندا بڕم !!

fhirany@hotmail.com

ئ : ساوێن خدر

خۆشەویستیو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان کاروباری تایبەتین لای باسکاڵو پێویست ناکات راگەیاندنەکان پەیان پێ ببەن، باسکاڵ مەشعەلانی وێرای ئەو قسانەی سەرەوە، لە چاوپێکەوتنێکی سایتی (الملف)ی ئەردەنی چەندین شتی تری دەربارەی ئەو کەناڵانە وت، کە دەیانەوێت، ژیانی تایبەتی ئەو بڵاو بکەنەوە، باسکاڵ دەڵێت، من حەزم لە ژیانی دایکایەتیە، بەڵام بۆ هاوسەرگیریو پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ رەگەزی بەرامبەر تا ئێستا بیرم لە هیچ کەسێك نەکردۆتەوە، هەروەها ئەو پێی وایە کە ئافرەتو پیاو پێکەوە خێزان پێك دەهێننو بەردەوامی بە ژیانی کۆمەڵ دەدەن، پاشان وتی: من زۆر بە دڵخۆشی دەژیمو کاتم نیە بیر لە خەم بکەمەوە.

هەر لەو سایتە ئەنتەرنێتیەدا باس لە پرۆژەی ئەو فیلمە سینەماییە کراوە، کە نوسەری ئەردەنی مازن ئەبو قاسم نوسیویەتیو ماوەیەکی زۆرە دوا کەوتوە، چونکە باسکاڵ ویستویەتی ئەحمەد سەقای ئەکتەر لەو فیلمەدا بەشداری بکات، بەڵام کۆمپانیای بەرهەمهێن، بەناوی (شوعاع) کێشەی لەگەڵ ئەو ئەکتەردا هەبوەو تا ئێستاش باسکاڵ جەخت لەسەر بەشداری پێکردنی دەکاتەوە، پاشان دەربارەی مافی ژن قسە دەکاتو دژی ئەوانەشە کە بانگەشە بۆ مافی ئافرەت دەکەن.

ماوەتەوە بوترێت ئەو هونەرمەندە لە یەکێك لە خێزانە دەوڵەمەندەکانی وڵاتی لوبنان لە دایك بووەو خاوەنی سەرمایەیەکی زۆرە، هەروەها جوانیەکەی وایکردووە کە ببێتە مایەی سەرنجی هەوادارانیو دەوڵەمەندیەکەشی بۆتە هۆی ئەوەی چاوی لە پارەی زۆر نەبێتو بلیتی ئاهەنگەکانی، لە هی زوربەی هونەرمەندانی تر هەرزانترین لە نرخدا، هەروەها زۆرێك لەو کەسانەی رقیان لێیەتی، چەندین هەواڵی بۆ هەڵدەبەستنو لەگەڵ گرتە سێکسیەکاندا مۆنتاجی دەکەن، لەپێناوی ئابرووبردنی.

لێدوان
Ledwan

دوالاپەرە- ژمارە (٥)ی کانونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٨

خاوەنی ئیمتیاز: ئەمیر حسین رەحیم
سەرنوسەر: خالید قادر محمد
بەرێوەبەری نوسین: هەندرێن شێخ ڕاغب
ڕاوێژکاری گشتی: سدیق عەلی
بەرێوەبەری هونەری: بەرهەم دڵشاد

ناونیشان: رانیە-شەقامی گشتی تەنیشت یانەی فەرمانبەران ژت: ئاسیا ٠٧٧٠١٥٥٣٠٤٤ سانا: ٠٧٣٠١١٦٣٥٥٩ ئیمەیڵ: Khaledqader@yahoo.com
بەدوو هەفتە جارێك لێدوان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت لە ماڵپەڕی www.Dengekan.com بخوێنەوە